
شیعر



هاشم سەڕاج


# یارییە زەردەکانی زەمەن

## مووبەقی شێت

کتلی رەنگاوی لێ دەڕژێ
چاپاڵێو مەی
کەوچک بەهاراتی کەسک
تیڤاڵی زەرد سرکەی سپی
ئینجانە چنگاڵ و گەلاچا
فنجانی شین دەنکە خوێ
چەقۆ لێشاوێک
شیلەی مۆر!
لەم ئاژاوە مووبەقییە
مزر و نەرم و تەڕ و
عەترین و ئەرخەوانییەدا
ئەی خودا
شەو درەنگان



سێبەری سووری
گوڵدانە رەشەکە
لە نێوان
پرشنگی قاپ و قاجاخ و
درەوشانەوەی
فەخفوورییە
فەنتازییەکانەوە
بە نهێنی
سەرەتاتکێیەتی!




**ژووری دووەم**
هەمیشە
بە حەسرەتەوە
بەرامبەر
دیوارە شێدارەکە
دەوەستم و
خەفەتێکی
قووڵ و ئاڵۆز و کوشندە
سەرتاسەری دڵ و دەروونم
دادەگرێ و
بیر لە چارەنووسی تۆ و
رستێک
وێنە و جەژننامە و
بوقعەیەک
مەرەکەبی سووری پەرش و بڵاو و
کۆمەڵێک
لەتە رۆژنامەی زەردهەڵگەڕاو

دەکەمەوە
کە بە قەد دیوارە قاوەییەکەوە
هەڵوەشاون و
زۆرتر لە لێزمەیەک
گەڵامێوی
تلیساو دەکەن!

## ژووری یارییە شینەکان

ئیرۆتیک
ئاگرە شاراوەکانی
جەستە
دەدرەوشێنێ و
زمان
بە وڕێنە سوورەکانی چێژوە
دەخرۆشێ و
سەڵتەنەتی
کریستاڵە تەنکەکانی
گوتن
لە بێدەنگییەکی زەرددا
دەشکێ و
دڵ بە نەشئەوە
دەلەرزێ و
هۆش دادەڕمێ
هەمیشە
نائومێدییەکی
تژی
لە



خەمۆکی
لە دوای چرکەکانی
ئۆرگازم و بەختەوەری
بە مەلوولی
دەردەکەوێ و
گوزارە
لە وەڕسی و قێزەونی
گەمە بێهودەییەکانی
لەش دەکا!

## ژووری رەشنووس

کتێبە کەڵەکەکراوەکان
بە زمانی ئاماژە
پێم دەڵێن
کۆنتاکتی کۆنکانی کۆمپیوتەر
چێژبەخشترە
تۆ لە باخی وشەدا
دەژی و
لە باخی وشەشدا
لە نێو دەچی!

## ژووری باخچە

سپێدان
ئەسکویەکی پڕاوپڕ
دەنکە هەنجیری رەش
کۆدەکەمەوە و
لەپڕ

به زەردەخەنەیەکی ئاڵۆز
ئاوڕێ
لە چیمەنە تەڕەکە
دەدەم و
هەست دەکەم
پیرەدارە خەمبار و جوانەکەش
خەریکە
وشک دەبێ!

## ژووری سەرشەقام

هەمیشە
ماشێنێکی سپی
بێ
مۆڵەتنامە و شوناس
بە شەقامە
تەنگەبەرەکانی
دەریاکانی
مۆسیقای شیندا
بە شێنەیی
دەگەڕێ و
بێ
وادە و نەخشە و پلان
ماسییە زەردەکانی
زەریاچەی گیان
دەپلیشێنێتەوە!



٢٠٠٨/٧/١٩